كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
9-11-2007 0:36 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڤالانی دلسوز، لە ڕۆژانی رەش دا دەردەکەون ... سیامەند هاریکی**

سەرۆک وەزیری عیراق نۆری ئەلمالكی، ئیمرۆ لە كۆنگرەیی ستەنبۆل دا ئامادەبوو، كە بە كردەوە، تایبەت بوو بەو كێشەیەی كە دەسەلاتی تورکیا لەسەر سنوورەكانی باشووری كۆردستان خوولقاندووە، بە بیانویی بۆنی چەكدارەكانی پەكەكە لە هەرێمی باشووری كۆردستان دا، بەلام بەناو لەسەر كێشەو رەوشی ئێستای عیراق بو.

تۆركەكان زۆر بە شارەزای و بە زانابوون ئەوەندە بە كیشەیێكی ترسناک و مەترسیدار لە قەلەمدا و خستە رۆژەڤی جیهانەوە، هەروەكو گەلی كورد و پەكەكە وئەو كێشەیە، لەو وولاتە دا تازە و یەكەمجار بێت لە دایک بووبن. وایان لێكرد، هەرعیراق و كێشەكەی ناوی نەما.

بۆ ئەم مەبەستە، كۆندۆلیزا راییس وەزیری دەرەوەیی ئەمریكاش، بە پەلە بە هانایی تۆركەكانەوە هات و تەنانەت ئەوەندەش نەیتوانی یەبر بكات و خۆیی راگرێت، تاكۆ دوو بەیانی ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تۆركی یا بگاتە ئەمریكا، وە هەر لەگەل گەیشتنی، لە بالەفرخانەیی ئەو وولاتە، بە دەنگێكی بەرز ووتی بەهاناتانەوە هاتووین، ئەی دۆستانی دێرین و ستراتیجی ئەمریكا، ئەوەی پێمان بكرێ ئامادەین بۆتان جێبەجێ بكەین، چۆنكە دۆژمنمان یەكە، كە ئەویش پارتی كرێكارانی كوردستان، پەكەكەیە.

لە هەمان كات دا، دیک شینی، جێگری سەرۆكی ئەمریكا جۆرج بۆش. یش لە ئەمریكا لە ئاهەنگێک دا، لەگەل سۆپایی ئەو وولاتە دا ووت. دۆستانمان دلنیا دەكەین، كە ئێمە ئامادەكاری باشمان كردووە بۆ لێدانی پەكەكە، لە ماوەیێكی نزیكیش دا ئەنجامەكان دەردەكەون.

نۆری ئەلمالكی، كە تاكوو ئیمرۆ، ئەگەر بە هێز و هیممەتی كوردان نەبووایە و نەبێت، نەیدەتوانی دوو رۆژ لە بەغدا لەسەر كورسییەكەیی دانیشێ، چۆنكە تا ئێستاش پاسەوانی شوێنەكەیی و زۆربەی شوێنە گرنگەكانی ئەو وولاتە، كوردن.

بەلام دیارە، وەک خۆی لە كۆنگرەی ئیستەنبۆل دا باسی كرد، عیراق هێدی هێدی، ئارامی بە خۆیەوە دەبینێت، بێ منەت دەبێ و پێویستی بە كورد نامێنێت، بۆیە یەكسەر بە هاورێ و هاوپیشە تۆركەكەی دەلێ، بەلێنتان دەدەینێ بە كردەوە، هاوكاریتان دەكەین دژ بە تیرۆریستەكانی پەكەكە، چۆنكە رێكخراوێكی تیرۆریستی یە و نەیاری هەردووكمانە.

لە ماوەی چوار سالی رابردوو دا لە عیراق، تێكدەرتیرین و ئاژاوەگێرترین، تاقم و گرووپ هی یەدر بوو لە دوای بەعسیەكانی گوربەگور. هەتا شەخسی مالكی زۆر جار لەبەر مەترسی ئەو گرووپە و چەكدارەكانی، كۆنە مشک لێ دەبوون بە قەیسەری. ئەو تاقمە بە یارمەتی كۆماری ئیسلامی، هەر چی پێكراوە، وە ئیستاش پێدەكرێت ئامادەبوون و ئامادەن دژ بە وولاتی عیراق و گەلەكانی بكەن.

بە بەلگەش وەكوو، مالكی و دەوروبەرەكەی دەیان ووت، دەتوانن بیسەلمێنین لەسەریان.

تاقمێک دەستیان بە كۆشتنی دەیان هەزار خەلكی وولاتەكەیان سووربێت، هۆكاری هەلگیرسانی شەری تاییفی و وێرانكردن و تالانكردنی وولاتێک بووبێت، لەگەل هەموو ئەمانەش دا تا ئیمرۆش باشترین هاوپەیمانی رێزدار مالكی.. ن. ناویا ن نەبوو بە تیرۆریست نە لەلایی مالكی و نە لەلای هیچ هاومەزهەبێكی خۆیانەوە. ئارمانج و كێشەی سەرەكی مۆقتەدا ئەلیەدر و تاقمەكەیی تەنها تالان و سەپاندنی خۆیان و مەزهەبەكەیان بوو.

ئەگەر بەراووردی لە بەینی پەكەكە وەک رێكخستنی گەلێكی بندەست و بێبەش لە هەموو مافە نەتەوایەتیەكانی خۆی، تەنانەت زمان كە لە هەموو جیهان دا هیچ نەیار و داگیركەرێک بەرامبەر بە نەتەوە و گەلێک بەكاری نەهێناوون، تەنانەت وەكوو كورد لە دایكبۆنیش لە تۆركیا دا بۆ كورد تا ئێستا

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاوانە، گەلێکی بیست ملیۆنی، لە سەدەی بیست و یەک دا، وە لەسەر خاک و ئاوی خۆی بە تۆرکی چیا ناودەبەن.
پێشپەیدابوونی پەکەکەش ڕەوشی ئەو گەلە لەو پارچەیەی وولاتەکەمان دا لە ئیمرۆ باشتر نەبوو، هەموو میوانانی ئیمرۆی ئیستەمبۆلیش، ئەو دیرۆکە باش دەزانن، لەوانە مالکیش. بەلام لەگەل هەموو ئەمانەش دا یەدر و تاقمەکەی لە مالکی نیشتیمانپەروەرن و پەکەکەش تیرۆریست.
مەترسی گەورەش لەوەدایە، ئەگەر ئەم کابرایە، کە سەییدی زۆربەی عەرەبەکانی دورۆبەری خۆیەتی لە عیراق دا، تەواو بێ منەت ببێ و هیچ پەیوەدی و پێویستی بە کۆردەکانی ئێمە نەمێنی، چی بە ئێمە دەلێ و چ مافێک بە گەلەکەمان ڕەوا دەبینێ...
04. 11. 2007... بەرلین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.